# Tekoshan No.125

The Organ of Central Committee The Organization Struggle of Kurdistan - Iran

Second Course Twenty Threeth Year Nomber ((125)) 31 of Pooshpar 2706 Kurdish Colemdar falling no 1386 Hijri I Falling 22th July 2007



**ئادرەسی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، لەسەر شەبەکەی جیهانی ئەنتەرنێت**

ئادرەسی سایتی ئەنتەرنێتی سازمان: http://www.sazmanikhabat.com کۆمیتەی ئافرەتانی سازمان: www.komitayafratan@yahoo.com

ئادرسی تێکۆشان لە سەر شەبەکەی جیهانی ئیبنترنێت http://www.sazmanikhabat.com/tekoshan.htm

Email: tekoshan20002003@yahoo.com

هەروەها، ڕادیۆ دەنگی خەباتی کوردستان بەشێوەی زەفت کراوی بەرنامەکانی لەسەر ئەنتەرنێت بڵاو دەکاتەوە، بەم ئادرەسە:

Email: dangikhabat2003@yahoo.com http://www.sazmanikhabat.com/radio.htm

Tel: ٠٠٨٨٢١٦٦٧٧٤٠٦٨٩ ثریا - ٠٠٨٨٢١٦٦٧٧٤١٩٩٨ ثریا نوێنەری سلێمانی: ٠٧٣٠١٠٦٢٣٧٩ و ٠٧٧٠٣٥٦٢٨١٤

٠٠٩٦٤٦٦٢٥٢٩٥١٨ ئاریافون ـ — ٠٧٥٠٤٤٩٧١٣٨ کۆرڕك تیلکۆم — ٠٧٧٠١٤٨٩٠٨٤ ئاسیاسێل

Email:Sazmanikhabat@hotmail.com sazmanikhabat@yahoo.co.nz

Fax: ٠٠٩٦٤٦٦٢٥٢٩٥١٨ - ٠٠٤٤٧٠٦٩٩٢٩٥١٨

بۆ پێوەندی کردن بە نوێنەرایەتی هەولێر بەم ژمارە تەلفونی ٠٠٩٦٤٦٦٢٢٢٠٨٦١ و pewandi_hawler@yahoo.com


## تۆمەتبارکردنی "مەنسوری ئۆسانلوو"بە کردەوە لە دژی ئەمنیەتی نەتەوەیی



ڕۆژی هەینی ٢٩ی پووشپەڕ یەکێك لە پارێزەرەکانی "مەنسوری ئۆسانلوو"سەروکی سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحیدی ئوتوبوسرانی تاران و دەوروبەر، وتی: موەکلەکەی بە تاوانی کردەوە لە دژی ئەمنیەتی نەتەوەیی گیراوە.
" یوسفی مەولایی" یەکێك لە پارێزەرەکانی مەنسوری ئوسانلوو وتی: پەروەندەی ناوبراو، لە قۆناغی سەرەتایی لێکولینەوە دایە و ئیمە هیچ دەست پێراگەیشتنێکمان بە مەنسوری ئۆسانلوو و پەروەندەکەی نیە.
ناوبراو وێرای ئاماژەکردن بە هەولی وەکیلەکانی "مەنسوری ئۆسانلوو" وتی: بۆ مەنسووری ئوسانلوو قەراری گرتنی دەرکراوە، بەلام مومکینە ئەو حوکمە مانگێگی دیکە تەمدید بکرێتەوە.
شایانی باسە" مەنسووری ئوسانلوو" ڕۆژی ١٩ی پووشپەر لە نزیك ماڵەکەی لە لایەن ٤کەسی نەناسراو وێرای لێدان وبیٚ حورمەتی، دەستگیر کرا.

****

## حەوت شوێنە عەجایبەکەی جیهان لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردران









ئاکامی ڕاپرسیە جیهانیەکان بۆ هەڵبژاردنی ٧ شوێنە کەم وێنەیە نوێیەکەی جیهان کە لە لایەن ڕێکخراویك سەربەخووە بەرێوەچوو، لەرێورەسمێك لەشاری لێسبۆنی پێتەختی پرتەقاڵ ڕاگەییندرا.
ئەو ڕێورەسمە بە ئامادەبوون و نواندنی هونەرمەندان و گۆرانی بێژانی وەڵاتە جیاجیاکانی جیهان بەرێوە چوو.
بە پێی ئەو ڕاپرسیە سێ شوێنی سەرنج ڕاکێشی مێژوویی لە ئاسیا، یەك دانە لەئوروپا و سێ شوێنی مێژوویی دیکە لە ئەمریکای باشوور لە ریزبەندی شوێنە سەرنج ڕاکێش و بێ وێنەکانی جیهاندان.
دیواری گەورەی چین، مزگەوتی (تاج مەحل) لەشاری ئاگرای هێند، شاری مێژوویی پترا لە ئەردەن، ئامفی شانۆی کۆلۆسیوم لەشاری ڕۆمی ئیتالیا، پەیکەری مەسیح لە برزیل، هەرەمی چیچن ئیتزا لەوەڵاتی میکزیك و شوێنەوارەکانی مێژوویی شاری چین لە وەڵاتی پرو، لەدەنگ دانێکی گشتی لەرێگەی ئینترنێت وەك ٧ شوێنی کەم وێنە لە دونیای نوێ دا هەڵبژێردراون.
ئەو رووداوە بووە هۆی شادی خەڵکی ئەو وەڵاتانە کە شوێنە گرینگە مێژووییەکان لە وەڵاتەکەیان بە یەکێك لە ٧ شوێنە سەرسوورهێنەر و کەم وێنەکانی جیهان هەڵبژێردراون.
ناوەندی ناسراو بە (٧ عەجایبی نوێ) کە لە وەڵاتی سویسە ئەو ڕاپرسیەی وەرێ خستووە، ڕایگەیاند: نزیك بە سەد ملوێن کەس لە ڕێگەی ئینترنێت، تەلەفون و ناردنی کورتەنامە (sms) لەو دەنگ دانە دا بەشداریان کردوە.
ناوەندی عەجایەب، ناوی بیست و یەك شوێنەواری سەرنج ڕاکێش و مێژوویی لەشوێنە جیاجیاکانی جیهان خستبووە بەر سەرنجی گشتی تا لە نێوان ئەو بیست و یەك شوێنە، حەوتیان هەڵبژێرن.

## ئاورێک لە بارودۆخی شوێنەواری مێژویی بێستون لەدوای بەجیهانیبونی

کۆمەڵەی مێژوویی و خۆرسکی بێستون لە کرماشان، ڕۆژی ٥ شەممە ١٣ی ژوئیەنی ٢٠٠٦ی میلادی ساڵی ڕابردوو لە وڵاتی لیتوانی چوە ریزی شوێنەوارە جیهانیەکانەوە. بەپێی ڕاپۆرتی ئیرنا، تۆمارکردنی بێستون لە ریزی شوێنەوارە جیهانیەکان دا، خۆشی و شادی بۆ خەڵکی کرماشان بەدواوە بوە. لەگەڵ تێ پەڕینی ساڵێك بەسەر تۆمارکردنی شوێنەواری بێستون لە کومیتەی لیتوانی دا، بەداخەوە تائێستا هەنگاوی بەکەڵك بۆ ئەو کۆمەڵە ئاسەوارە هەڵنەگیراوە. جیهان گەڕە ناوخۆی و دەرەکیەکانی ئەو شوێنەوارە مێژوییە لە کەمتر ئیمکاناتی ئاسودەیی و خزمەت گوزاری بێ بەشن و بۆپاراستنیشی هەنگاوی بەکەڵك هەڵنەگیراوە. ئاسەواری مێژوویی بێستون لە تەواوی جیهاندا کەم وێنەیە لەبەرئەوەی کەهەرگەڕیدەیێك بەتەرخان کردنی سەعاتێك کات دەتوانێ لەهەر دەورەییکی مێژوویی و تاریخی بێستون، شوێنەوارێك بدۆزینەوە، کەئەو کارە لە باقی جێگەکانی دیکە دژوارە. ساڵی رابردوو لە وەها ڕۆژێکدا کارتی پیرۆزبایی بەبۆنەی بەجیهانیبونی شوێنەواری بێستون لەقەراخ و قولاخی کرماشان دەبیندرا. کەسایەتیە دیارەکان ئەو ڕۆژە مێژووییەی لە تأریخی کرماشانی کورددا بەخاڵێکی وەرچەرخان زانی. بەگوتەی کارناسانی میراتی فەرهەنگی، پەروەندەی مێژویی بێستون ئەوەندە تەواو بووە کەبێ هیچ باسێك بەزۆرینەی دەنگ وبێ هیچ موخالەفەتێك تۆمارکراوە. بەقسەی کارناسان، کومیتەی کارشناسی تۆمارکردنی شوێنەوارە جیهانیەکان پێك هاتبو لە ٣١ وڵاتی جیهان کە شوێنەواری خۆیان بۆ تۆمارکردن پێشکەش کردو هەموان دەنگی بەڵێنیان دابە بێستون. سەرۆکی سازمانی میراتی فەرهەنگی و جیهان گەری پارێزگای کرماشان، ڕۆژێك کە بێستون بووە یەکێك لە شوێنەوارە جیهانیەکان، لە شوێن و پێگەی ئەو شوێنەوارە دواو ڕایگەیاند ١٣ هەزارو ٤٠٠ شوێنەواری مێژوویی شوێنەوارانەدا تەنیا ٨ شوێنەوار لە ڕیزی شوێنەوارە جیهانیەکاندا تۆمارکراوە کە بێستون هەشتەمینەیەتی. کەتیبەی داریوشی ( هەخامەنەشی ) کە بە نووسینی بزماری بەشی زمانی پارس باستانی، بابلی و لە ٤١٤ خەتدا لە ناودڵی بێستون هەڵکەندراوە، گەورەترین و موعتەبەرترین کەتیبەییکە کە لە جیهاندا و لەلایەن سازمانی جیهانی یونسکۆ بە ڕەسمی ناسراوە. لەو بەردەدا داریوش سەرتا خۆی دەناسێنێ و لە دوایدا ڕوداوی کوشتنی ( گئومات مەخ ) کە لە دوای مردنی کەمبوجیە دەسەلاتی گرتبوە دەست شی دەکاتەوە. لە دوای شەڕەکان کەلەدژی گەورەکان و یاغیەکان کراوە لێ کۆڵینەوەی لێ کردوە و لە کۆتایدا هەرکەس ئەو کەتیبە لەناو بەرێ نەفرینی بۆ ناردوە. دەنگی نیگەرانی داریوش لەدوای تێ پەڕینی ١٥ سەدە، ئێستاش لە دڵی بێستونەوە دەگاتە گوێ و ئیمە بۆهەوڵ و ماندوبونی زیاتر لەپێناو ڕاگرتنی ئەو شوێنەوارە بانگهێشت دەکات.

***

## دەر کردنی حوکمی ئیعدام بۆ ڕۆژنامە نووسێك و هەلسووراوێکی سیاسی لە لایەن دەزگای قەزایی رژیم لە شاری مەریوان



دادگای ڕژیمی ئاخوندی لە شاری سنە ڕۆژی سێ شەممە ٢٦ی پووشپەر ڕۆژنامە نووسێك و چالاکێکی سیاسی بە ئێعدام مەحکووم کرد.
بە پی ئەو حوکمە "عەدنانی حەسەن پوور" ڕۆژنامە نووس و ئەندامی هەیئەتی نووسەرانی حەوتوونامەی داخراوی "ئاسۆ"، کە ڕۆژی ٥ی ڕێبەندانی ساڵی ڕابردوو بەند کرابوو، بە تاوانی هەلسوران لە دژی ئەمنیەتی میللی بە ئێعدام مەحکووم کراوە.لە لایەکی دیکەوە "هیوا بووتیمار" هەلسووراوی مەدەنی کە لە بواری ژینگە دا چالاکی هەبووە، لە لایەن بێ دادگای ڕژیمی ئاخوندیەوە بە تاوانی پەیوەندی لەگەل ریکخراوە سیاسیەکانی نەیاری ڕژیم، بە ئێعدام مەحکووم کراوە.

***

## ووتەی بەنرخ

**هەموو کەس هەڵە دەکات، بەڵام پێداگری لەسەر دووبارەکردنەوەی هەڵە، ئەوپەڕی نەزانییە. (کیلکۆرۆ)**

**ئەو کاتەی شکستت خواردووە کە دەست لە هەوڵدان هەلگری. (ئالبێرت).**

**ئەگەر بتەوێ بەسەر دونیادا زاڵ بیت، عەقڵ و ژیری بەسەر خۆتدا زاڵ بکە. (تولستۆی)**

**تێگەیشتن لە پرسیار، وەدەست هێنانی نیوەی وەڵامە.**

**پاداشتی دوستایەتی لە دۆستایەتی بدۆزەرەوە و هۆکاری چاکەش هەر چاکەیە و بەدوای شی تردا مەبە. (هندو)**

**((دەنگی خەباتی کوردستانی ئێران))**

**دەنگی خەباتی کوردستانی ئێران،**

**دەنگی پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانە**

**دەنگی خەباتی کوردستان، هەموو ڕۆژێ بەرنامەکانی بۆ ماوەی سەعات و نیوێک،**

**یەک سەعات بە زمانی کوردی و نیوسەعات بە**

**زمانی فارسی، لە سەعاتی ٦/٣٠ بۆ ٨ی ئێوارێ بەکاتی تاران، لەسەر شەپۆلی کورت، ڕەدیفی ٧٣ میتر بڵاو دەکاتەوە. دەقی ئەو بەرنامە لەسەعاتی ٦/٥ بۆ ٨ی بەیانیی ڕۆژی دوایی سەرلەنوێ بڵاو دەکاتەوە.**

**بڕوخێ ڕژیمی ئاخوندیی ئێران**